

پرۆفیسۆر ڤەرجینا ساپیرۆ
راگری کۆلێژی زانستی سیاسەت لە زانکۆی بۆستن بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئافرەتان بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارسازیدا نەکەن ئەوا بڕیارەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەرناچن کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنن

**پرۆفیسۆر ڤەرجینا ساپیرۆ راگری کۆلێژی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لەسەر سایکۆلۆژیەتی سیاسی، رەفتاری سیاسیی ، رای گشتی ، سیاسەتی رەگەزی، فێمینیست و تیۆری دیموکراتی، خوێندنی باڵا، بۆ قسەکردن لە سەر رۆڵی گرنگی خانمان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە و بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی دارشتنی بڕیاری سیاسی و ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی خانمان لەسیاسەت دوور بکەنەوە ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ڤەرجینا ساپیرۆ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**•بەشداری ئافرەتان لە سیاسەت و بڕیارسازیدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر رەوشی ئارامی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی لۆکاڵی کۆمەڵگە، هەروەها لەسەر ئاستی ژینگەی ئارامی نێودەوڵەتیش، بەڵام وێڕای ئەم رۆڵە گرنگەی ئافرەت بۆ سیاسەت بەڵام هێشتا ژمارەی ئافرەتی سیاسەتمەدار لەسەر ئاستی جیهان زۆر کەمن، ئەوانیشی هەن وەك خۆیان باسی دەکەن، دەیگێڕنەوە بۆ ژینگەی خێزانەکانیان کە بایەخیان بە ئافرەت داوە، ئایا چۆن لە کۆمەڵگە ئەم ژینگەیە دروست دەکرێت؟**

-ڕێگای سەرەکی بۆ وەبەرهێنان لە ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا بریتییە لەوەی کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی ئافرەتان هەلی یەکسان و تەواویان هەبێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەرجەم ئەو دەرفەتانەی بۆ پیاوان ڕەخسێنراون لە پەیوەندیدا بە پەروەردە و دامەزراندن و تەندروستی و سەلامەتی و ڕێزگرتنەوە. لە هەموو ئەو وڵاتانەشدا کە ئافرەتان بەهرەمەند نین لە هەمان ئەو ئیمتیازاتانەی پیاوان هەیانە، ئەوا پێویست بە وەبەرهێنانێکی گەورە دەکات بۆ گۆڕینی دامەزراو و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی کەلتور.

**•ئەوەی تائێستا بۆ زەمینە رەخساندن بۆ ئەم بوارە دەبینرێت، ئەوەیە زیاتر بایەخ سیمینارو کۆنفرانس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها لەسەر ئاستی لۆکاڵیش، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٥ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ئیمزا کرا، بۆ ئەوەی هەموو وڵاتان بایەخ بەم پرسە بدەن، ئایا پێت وایە بەمجۆرە گۆڕانکاری روودەدات؟**

-لە زۆرێك وڵاتاندا چەندین گۆڕانکاری ڕوویان دەدا، تەنانەت پێش ساڵی ١٩٩٥یش. لە وڵاتانی دیکەدا لە دوای ئەو ڕێککەوتەوە گۆڕانگاری هاتە ئاراوە. لە هەندێ وڵاتیشدا قبوڵکردنی ئافرەت وەك هاووڵاتیەکی یەکسان هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە هەڵنەگرتووە.

**•ئەو تەحەددیانەی ئافرەتان و پیاوان وەك مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەك گەشەی ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ئاشتی و ئاسایش، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین کە تا چ ڕاددەیەك ئاشتی لە جیهاندا و گەشەی ئابووری لە مەترسییەکی تەواودا دەبن ئەگەر هاتوو ئافرەتان بەشداریان لە بڕیاری سیاسی و لە سیاسەتدا نەکرد، ئایا سەرەڕای ئەو تەحەددیاتانە مەترسییەکانی مانەوەی بەشداری ئافرەتان بەو ئاستەی ئێستا چی دەبێت؟**

-گەشەی ئابووری ڕوونادات و ئاشتی لە جیهاندا نایەتەدی ئەگەر نیوەی دانیشتوان دوورە پەرێز بن، ئەمانە نایەنەدی ئەگەر نیوەی دایکان دوورەپەرێز بخرێن، و ئەگەر دەرفەتی یەکسان بە ئافرەتان نەدرێت لە ڕووی پەروەردە و دامەزراندنەوە، ئەوا بە دەستی خۆمان گەشەکردن سنوردار دەکەین، و منداڵەکانیشمان لە هەژاریدا گەورە دەبن. ئەگەر ئافرەتان ترسیان لە فۆرمگەلێکی تایبەتی توندوتیژی هەبێت لە ماڵەوە و لە دەرەوەدا، ئەوا هیچ کەسێك هەست بە ئەمن و ئاسایش ناکات، و نەوەی داهاتووش لەسەر توندوتیژی گۆش دەکرێت. ئەگەر ئافرەتان بەشداری لە

**هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت کە بە سروشتی خۆیان ئافرەتان ڕقیان لە سیاسەت بێت. ئەگەر بە بێ ترس و جیاکاری دەرفەتی یەکسانی زیاتر بدرێت بە ئافرەتان**

**گەشەی ئابووری ڕوونادات و ئاشتی لە جیهاندا نایەتەدی ئەگەر نیوەی دانیشتوان دوورە پەرێز بن و بەدەستی خۆمان گەشەی کۆمەڵگە سنوردار دەکەین**

پرۆسەی سیاسی و بڕیارسازیدا نەکەن ئەوا بڕیارەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەرناچن کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بگەیەنن.

**●جیهان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ناکرێت بێ بەشداری ئافرەتان، یاخود بە بێ توانای ئافرەتان بۆ بەشداریکردن، بگەنە سیاسەتێکی ڕاست و دروست کە بە شێوەیەکی گونجاو کاربکات، یان ڕێگە لە شەڕ و توندوتیژی بگرن و تەنانەت بۆ پرۆسەکانی ئاشتەوایی لە دوای شەڕیش پێویستیان بە بەشداری ئافرەتان دەبێت، ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراویشدا بێت. بۆچی تا ئێستا لە ڕووی عەمەلیەوە ئەم هەنگاوانە هەڵنەگیراون، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

-جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە وڵاتاندا لە پەیوەندیدا بە ئاستی هێنانەئاری گۆڕانکاری ڕاستەقینە و هەڵگرتنی هەنگاوی عەمەلی بۆ باشترکردنی دەرفەتەکانی پەروەردە و دامەزراندن و چاودێریی تەندروستیەوە، هەروەها لە ڕووی کارکردن بۆ ئەوەی ئافرەتان نەبنە قوربانی توندوتیژیەکی تایبەتی کە بە زۆری ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەنانەت لە ناو خێزانەکانیشیاندا، و بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پرۆسەکانی بڕیار سازیدا. مایەی خۆشحاڵی دەبێت نەك هەر تەنها ئەوە ببینین کە ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو ئەو ڕۆژە بێت کە شتێکی ئاسایی بێت ئافرەتان لە هەر پۆستێکی سیاسی یان سەرکردایەتی حکومەتدا ببینین. ئایا بوونی ئافرەتێك لەو پۆستەدا هیچ جیاوازییەك دروست دەکات؟ ئەمە دەوەستێتە سەر ئەو ئافرەتە و سەر بۆچون و سەر لێهاتوییەکەی.

**●بۆچی ئافرەتان بەشداریەکی کەمتر دەکەن لە سیاسەتدا، ئایا سروشتی خۆیان ڕقیان لە سیاسەتە یاخود ئامادەنین بەشداری تێدا بکەن؟**

-دووبارەی دەکەمەوە کە جیاوازی هەیە لەوڵاتاندا لە ڕووی ئەوەی تا چەند ئافرەتان بەشدارن لە سیاسەتدا یاخود بوونەتە سەرکردە. هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێت کە بە سروشتی خۆیان ئافرەتان ڕقیان لە سیاسەت بێت. ئەگەر بە بێ ترس و جیاکاری دەرفەتی یەکسانی زیاتر بدرێت بە ئافرەتان لە ڕووی پەروەردە و دامەزراندن و چاودێریی تەندروستی و مافی کارکردنیان هەبێت لە بواری گشتی و بەشداریکردن لە سیاسەتدا، ئەگەر هاوسەرەکانیان پشتیوانیان کردن لەوەی منداڵەکانیان بە پەروەردەیی ئاست بەرز گۆش بکەن، ئەوا ژمارەیان بە ڕادەیەکی گەورە زیاتر دەبێت. ئەو پیاو و ئافرەتانەی بایەخ بە دادپەروەری دەدەن بەردەوام دەبن لەسەر کارکردن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، و ڕەنگە ئێمەش دووچاری سەرسوڕمان ببینەوە.



دایکە تێرێزا:
**بەرهەمی ئیمان خۆشەویستییە، بەرهەمی خۆشەویستی خزمەت کردنە**



پرۆفیسۆر کریستینه بیڵ بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەو ئیرادەیە لای سیاسەتمەدارانی پیاو دروست بێت کە پرۆسەی سیاسیی بۆ ئافرەت نیوەچڵە



**پرۆفیسۆر کریستینە بیڵ ئوستادی یاسای دەستورییە لە زانکۆی ئیدینبێرگ لە بەریتانیا، ئەم خانمە قۆناخی بەکالۆریۆسی خوێندنی یاسای لەزانکۆی کامبیریجی بەریتانی تەواو کردووە و دکتۆرای لەزانکۆی هارڤارد وەرگرتووە، لەماوەی سالآنی ٢٠٠٠- ٢٠١١ بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ بەراودرکردنی یاسای مافەکانی مرۆڤە، هەروەها ئەم خاتوونە دامەزرێنەری دامەزراوەی وەرچەرخانی دادپەروەرییە لە زانکۆی ئولستەر، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئافرەت لە جیهان و کەمیی بایەخدانی ژنان بەبواری سیاسی و دووربوونیان لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سسیاسی ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر کریستینە ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**• کاتێك باسی بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت دەکرێت، واتە بەشداربوونی ئەقڵی سیاسیی ئافرەت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ئەمەش پێویستی بەزەمینە سازکردن هەیە بۆ ئەوەی لێهاتوویی ئافرەت بۆ ئەو بوارە ئامادەبکرێت، ئایا تاچەند گرنگە وەبەرهێنان لەتوانای ئافرەتاندا بکرێت؟**

- سەرەتا پێویستە ئێمە ئیرادەی ئەوەمان تێدا دروست بێت بەوەی گرنگە ئەقڵی ئافرەت تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بێت، بۆ ئەوەی ئیرادەی ئەنجامدانی ئەو کارە دروست بێت، واتە بمانەوێت ئافرەت رۆڵی بەرچاوی هەبێت، ئەویش بە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك دەکرێت، وەك هاندانی پەروەردەکردنی ئافرەتان و هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی خاوەنی دەنگی خۆیان بن و بواری ئەوەیان هەبێت بایەخ بەو مەسەلانە بدەن کە بەلایانەوە گرنگە. و هەندێ وڵات لەمە زیاتریش دەڕۆن و کۆتا دادەنێن بۆ ئافرەتان.

**• ئەگەر مەسەلەی ئافرەت وەك بەشداری سیاسیی سەیر بکەین هەست دەکەین، ئەم کێشەیە کێشەیەکی**



**جیهانییە و لەهەموو وڵاتان بەشـــێوازی جیاواز ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا زۆر کەمترن لە پیاوەکان، هەروەها چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی جیهان ئەنجامدراون، بەڵام بەرەو پێشـــەوەچوونێکی زۆر نابینین، ئایا بۆچی ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی جیهانیش بە شێوەی کیسەڵی بەرەو پێشەوە دەچێت؟**

-لەڕاستیدا لە دوای —کۆنفرانسی- پەکینەوە کە لەساڵی ١٩٩٥ گرێدراو کۆمەڵێك راسپاردەی گرنگی دەرکردو، لەو کاتەوە تائێستا هەندێ پەرەسەندن ڕوویانداوە لە جیهاندا کە ئێستا ڕێژەی ئافرەتان لە دەسەڵاتی یاسادانانادا زیاتر و بەرزترە و پێم وایە نزیکەی لە سەدا ٢٨ و تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا ڕێژەی بەشداری ئافرەتان- لە پەرلەماندا- لە ســـەدا ٥٠ زیاترە، و لە دەســـتووری هەندێ وڵاتی ئەفریقیدا بە شـــێوەیەکی ڕۆتینی ئاماژە بەو جیاکاریە کراوە کە لـــە دژی ئافرەتان دەکرێت. هەروەها ئێســـتا ئافرەتان پۆســـتی باڵایان بەدەستەوە هەیە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانـــدا. بەڵام ئەو خاڵـــە بنەڕەتییەی ئێوەش ئاماژەتان پێدا ڕاســـتە کە هێشتا بەرەوپێشچوونەکە لەو ئاســـتەدا نییە کە ئومێدی بۆ دەخوازرا. کەواتە کێشـــە هەیە و دەبێت پرســـیاری ئەوە بکرێـــت کە بۆچی ئەو بەرەوپێشـــچوونە بەدەست نەهێنراوە. لە ڕاستیدا چەندین هۆکاری جیاواز هەن لە وڵاتە جیاوازەکاندا. هەندێ جار هۆکارەکان کەلتورین، کە کەلتوری پیاوســـالاری زاڵەو پێی وایە نابێت ئافرەت بەشداری لە سیاسەتدا بکات. و هەندێ جار پەیوەندی بەو بونیادەوە هەیە کە بەهۆیەوە سیاســـەتمەدارە باڵاکان هەڵدەبژێردرێن لەســـەر ئاستی مەحەلـــی، بۆ نموونە لە بەریتانیا- کە من تێیدا دەژیم- چەند هەوڵێـــك دراوە بۆ گۆڕینی ئـــەوە و هەندێ لە پارتە سیاسییە مەحەلیەکان سەرکەوتوو بوونە لە هەندێ لـــەو هەوڵانەدا. لەبەر ئەوە لە هەر دەوڵەتێکدا هۆکاری جیاواز بەدی دەکەیت ئەم هۆکارانەش پەیوەستن بە سیاق و بارودۆخی ئەو وڵاتەوە.

**• زۆرێك لە شارەزایان باوەڕیان وایە کە زۆربەی ئافرەتە لێهاتـــووەکان لە دامەزراوە حکومییەکانـــدا دەردەکەون، لە بواری پەروەردەدا، لە ســـەرۆکایەتی زانکۆیەکی بە ناوبانگدا، بەڵام لە پۆستە سیاسییە باڵاکاندا دەرناکەون، پرســـیارەکە ئەوەیە بۆچی ئافرەتان بەشداریەکی کەمتر دەکەن لە سیاســـەتدا، ئایا سروشـــتی خۆیان ڕقیان لە سیاسەتە یاخود ئامادەنین بەشداری تێدا بکەن؟**

- نەخێر من بەم شـــێوەیە بیر ناکەمەوە، من باوەڕم وایە بە زۆری بونیادەکە بە شـــێوەیەك نیە کە پێشـــوازی لە بەشـــداری ئافرەتـــان بکات. لەگەڵ ئەوەشـــدا ناکرێت بووترێـــت ئافرەتان نەیانتوانیوە بگەنە پۆســـتە باڵاکان، بـــۆ نموونە لە —ئەڵمانیادا- ئەنجێـــلا مێرکل دەبینین- کە پۆســـتی ڕاوێژکاری ئەو وڵاتەی هەیە، هەروەها لە بەریتانیا مارگرێت تاتشـــەر هەبوو کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەدەستەوەبوو. لە زۆرێك لە وڵاتاندا-ئافرەتان- پۆستی ســـەرکردایەتی باڵایان بەدەستەوەیە. لە هەندێ وڵاتی ئەفریقیادا دەبینین ئافرەتان پۆستی سەرۆکایەتی دەگرنەدەســـت. کەواتە مەســـەلەکە ئـــەوە نییە بڵێین پیاوان یان ئافرەتان حەز بە سیاســـەت دەکەن یان ڕقیان لێیەتـــی. بەڵکو کۆمەڵێك ئیعتیبـــارات هەیە، وەك ئەو کەلتـــورەی لە کۆمەڵگەکەدا هەیـــە، بۆ نموونە ڕەنگە زۆرێك لەو ئافرەتانـــەی چونەتە تەمەنەوە پێیان خۆش نەبێت هێندە بێنە نێو بواری گشـــتییەوە و ببینرێن. و لە زۆرێك لە وڵاتانیشدا چوونە نێو سیاسەت کارێکی زۆر مەترســـیدارە-ئەگەرچی ئەم مەترسییە بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی پیاوانیش دەبێتەوە، بە تایبەتی لەســـەدەی بیســـت و یەك، تەحەدییەکان بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ وەك یەك دەبن.

**سەرەتا پێویستە ئێمە ئیرادەی ئەوەمان تێدا دروست بێت بەوەی گرنگە ئەقڵی ئافرەت تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بێت، بۆ ئەوەی ئیرادەی ئەنجامدانی ئەو کارە دروست بێت**

**لە جیهاندا ئێستا ڕێژەی ئافرەتان لە دەسەڵاتی یاسادانانادا زیاتر و بەرزترە و پێم وایە نزیکەی لە ٢٨٪ و تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا ڕێژەی بەشداری ئافرەتان- لە پەرلەماندا- لە ٥٠٪ زیاترە**

**لە زۆرێک لە وڵاتاندا چوونە نێو سیاسەت کارێکی زۆر مەترسیدارە، ئەگەرچی ئەم مەترسییە بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی پیاوانیش دەبێتەوە، بەڵام بۆ سەدەی بیست و یەک، تەحەدییەکان بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ وەک یەک دەبن**